## کاتژمێری هۆشمەند و شاشەی نادیار




هەرچەندە کاتژمێرە هۆشمەندەکان بەرفرە و گشتگیر بوونە، بەڵام هێشتاش کاتژمێرە کلاسیکیەکان واتە ئەو کاتژمێرانەی کە خولەك ژمێر و چرکە ژمێریان هەیە شوێنی خۆیان لەدەست نەداوە. هەربۆیە کۆمپانیایەك هەوڵیداوە کاتژمێرێکی کلاسیك بەرهەم بێنێ و بە نادیاری شاشەیەکی هۆشمەندیشی بۆ دابنێت. کاتژمێری mim X ئەو کاتژمێرە کە هەم کلاسیکە و هەم هۆشمەندە. یەکەم کاتژمێرە لە جیهاندا کە بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای TLD شاشەیەکی نادیاری هەیە. لەکەم نیگادا کاتژمێرێکی ئاسایی دەبینی. لەکاتێکدا شاشەیەك لەسەر جامی کاتژمێرەکە دانراوە کە بەهۆیەوە پەیامەکان نیشان دەدرێن، وەك دەستبەندە هۆشمەندەکان، بۆ چالاکی رۆژانە زۆر گونجاوە، چونکە لێدانی دڵ و ژماردنی هەنگاوەکان و سووتانی وزە نیشان دەدات، جگە لەوەش پەیوەندیەکانی مۆبایل وەردەگرێت و پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات.



## وردیلە ئامێرێکی یـــــــ

یاری ئەلکترۆنی لە جیهانی دیجیتالیدا مەودایەکی زۆری داگیرکردووە، زۆربەی ئەو ئامێرە دیجیتالیانەی لە ژیاندا بەکاری دێنین، گەیمی ئەلکترۆنیان تێدایە، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر، تەبلێت، کاتژمێری سمارت... تاد.

کۆمپانیای Nintendo کە یەکێکە لە کۆمپانیا مەزنەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری یاری ئەلکترۆنی، بەم دواییە ئامێرێکی زۆر بچووکی یاریکردنی بەرهەم هێناوە کە بەقەد لەپی دەست دەبێت، واتە وردیلە ئامێرە.. ئامێرە بچووکەکە بە PocketSprite ناسراوە، هەڵگرتنی زۆر ئاسانە و بۆ هەموو شوێنێك دەکرێت لەگەڵ خۆتی بەری..



## کتێبخوێنە نوێیەکەی سۆنی

تەکنەلۆژیای نوێیە لە کتێبخوێن، ئامرازێکی دیجیتالی سەردەمدا، ئەو نە تەبلێتە نە لاپتۆپ، بەڵکو ئامرازێکە تەنیا و تەنیا تایبەتە بە کتێب خوێندنەوە، هیچ پرۆگرامێکی لەسەر نییە، تەنیا چەند پرۆگرامێکی تایبەت بە کتێب خوێندنەوە.

سۆنی لە ماوەی رابردوودا کتێبخوێنێکی خستە بازاڕ کە ١٣ ئینج بوو، بەرای زۆربەی بەکارهێنەران بۆ کتێب خوێن سایزێکی وا گەورەیە، بۆیە لەم ماوەیەدا کتێبخوێنی جۆری DPT-RP1 خستەبازاڕ کە هەمان توانای کتێبخوێنی پێشووی هەیە بەڵام بە ئەندازەیەکی بچووکتر، ئەم کتێبخوێنە ١٠ ئینجە و هەندێك تایبەتمەندی دیکەشی بۆ زیاد کراون وەك کوالیتی نیشاندانی شاشەکەی روونتر و گەشترە. کێشەکەی ٢٤٠ گرامە، کتێبخوێنەکە بۆ هەردوو سیتسەمی ئەندرۆید و iOS دەگونجێت. ئەم کتێبخوێنە قەڵەمێکی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە بۆ یاداشت هەڵگرتنەوە.



# کۆمپیوتەری هەمەکارە و هاوکارێکی باش

کۆمپیوتەر لە ئاسانکاری ئەرکەکان و هاوکاری کردنی بەکارهێنەرەکەی یەکەمین ئامێری گرنگە لەسەرووی هەموو ئامێرەکان.. جا ئەگەر کۆمپیوتەر بێت و وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارەکانت بێت ئەوە سەرووی باشییە..

کۆمپانیـای HP لـەم ماوەیـەدا چەندیـن ئامێری خۆی خسـتەڕوو، یەکێك لەوانە کۆمپیوتەری جـۆری Curved AiO 34ە کە ٢٧ ئینجە و چوارچێوەکەی لە دارێکی تایبەت دروست کراوە. کۆمپیوتەری ناوبراو یەکەی لێکدەرەوەی واتە پرۆسیسـەرەکەی لە نەوەی هەشتەمەی ئەنتەلە. کارتی گرافیکەکەی لە ریزی باشترین کارتە گرافیکیەکاندایە و ٤ گیگابایتە.

جیـاوازی کۆمپیوتەرەکـە لەگـەڵ کۆمپیوتەرەکانـی دیکـە لـەوە دایـە کە یـەك پارچەیە و سیسـتەمی ئەلکسـای ئامازۆنی تێدایە. (سیستەمی ئەلکسای ئامازۆن لە راستیدا سپیکەرێکی هۆشمەندە کە هەر پرسیارێکی لێبکەی سێرچ دەکات لە ئینتەرنێت و وەڵامت دەداتـەوە، یـان داوای خوێندنـەوەی هەواڵەکانی ئەمڕۆ، کەش و هەوا، زانیارییە گرنگەکان...) دەکرێت کۆمپیوتەرەکە وەك سـپیکەرێکی هۆشمەندی هەمەکارە بەکار بێنی. پێدەچێت ئەم کۆمپیوتەرە سەرەتایەك بێت بۆ گۆڕانکاری داهاتووی کۆمپیوتەرەکان.




# بالیفی سمارت بۆ خەوێکی خۆش

رەنگـە بـۆ ئێـوە جێـگای تێڕامـان بێـت، یانـی بالیفیـش بـوو بـە سـمارت و زیـرەك؟! ئەوانـەی حـەز دەکـەن خەویـان خـۆش بێـت و بـە ئارامـی و ئاسـوودەیی بنـوون رەنگـە بالیفـی (ZEEQ) بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەڵبژێـرن. بالیفەکـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە موسـیقی و گـۆرانـی بڵاودەکاتـەوە، بەرگریـش دەکات لـە پرخەپرخـت لەکاتـی نووسـتندا.

بەکارهێنـەر دەتوانێت بالیـف و مۆبایلەکـەی پێکـەوە پەیوەند بدات و گۆرانییەکانی ناو مۆبایلەکەی بۆ کاتی نووستن هەڵبژێرێ. بالیفـی ناوبـراو چۆنییەتـی خەوتنەکـەت بـە راپۆرتێـك بـۆ مۆبایلەکـە بـەڕێ دەکات. تایبەتمەندییەیەکـی گرنگـی بالیفەکـە ئەوەیـە بـە ویسـتی بەکارهێنەرەکـەی بـەرز و نـەوی دەکرێـت.

# ــــــــاری بەقەد بەری دەست

شاشـەیەکی لـە جـۆری OLED هەیـە، رامەکـەی ٥٢٠ کیلۆبایتـە، خێراییەکـەی ٢٤٠ مگاهێرتـزە. باترییەکـی بچووکـی لەسـەرە کـە شـەحن دەبێتـەوە. خاڵـی جێگای سـەرنج لـەو ئامێرەدا ئەوەیە کە سیستەمی وایەرلەیسی بلوتـوس و وای-فـای هەیـە و بـە مۆبایلـەوە پەیوەنـد دەدرێـت. لەگـەڵ ئەوەیـدا بچووکـە بـەڵام زۆر یـاری گرنـگ دەخوێنێتـەوە و دەکـرێ ئـەو یاریانـەی لەسـەر بکرێـن. هەرچەنـدە نازانـدرێ تـا چ رادەیـەك پێشـوازی لـە ئامێرێکی وا بچووك دەکرێت کـە بەقـەد مەدالیای سویچ دەبێت، چونکە بۆ ئەوەی زیاتر چێژ لە یاری وەربگیـردرێ پێویسـتی بـە شاشـەیەکی گەورەیـە.. بـەڵام وەك دەڵێـن بـۆ خۆخافڵانـدن باشـە!

# داتاشۆیەک بەقەد مۆبایلێک



هەتا تەکنەلۆژیا پێشبکەوێت، ئامێرەکان بچووکتر دەبنەوە و کاراییان زیاتر دەبێت، ئێستا چەندین ساڵە تەلەڤزیۆنە قورس و گەورەکان کە هی وا هەبوو بەقەد لادیوارێك دەبوو بە تەواوی نەماون و بوون بە ئەرشیف.. هەموو شتێك بەرەو بچووك بوونەوە دەچێت..

داتاشۆ گەورەکان وردە وردە بچووکتر بوونەوە، بۆ نموونە پرۆژکتەری جۆری AAXA P4X کە بەقەد لەپی دەست یان مۆبایلێك دەبێت و شەحن دەکرێتەوە و بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت و دەکرێت بۆ هەموو شوێنێکی لەگەڵ خۆتی ببەی.

پرۆژکتەرەکە لە گلۆپی LED سوود وەردەگرێ، تەمەنی گلۆپەکە ١٥٠٠٠ کاتژمێرە. مەودای دیتنی داتاشۆیەکە ٨٠ ئینجە. بە کاتژمێر و چارەگێك شەحن دەبێتەوە. هەم لە مۆبایل پەیوەند دەدرێت و هەم میمۆری و فلاشی تێدەخرێت، لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و iOS دەگونجێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆچی هەمیشە ئەو درایڤەی سیستەمی ویندۆزی لەسەر دادەندرێ ناوی Cیە؟ بۆچی درایڤی A و B لە کۆمپیوتەردا نییە؟**

خوێنەری بەڕێز پرسیارێکی بەجێیە، پێویستە خوێنەرانی دیکەش ئەم زانیارییە بزانن، ئەگەر بۆ ساڵەکانی زۆر پێش بگەڕێینەوە، لە کۆمپیوتەردا بۆ راگواستن و هەڵگرتنی داتاکان فلۆپی هەبوو کە پێی دەگوترا دیسك، فلۆپییەکان بە A و B دەناسران، فلۆپی یەکەم A و فلۆپی دووەم B، پاشان کە هارد دروستکرا، هارد بە C ناسرا و دواتریش پیتەکانی دیکە زیاد بوون، ئێستاش هەرچەندە فلۆپی نەماوە بەڵام سیستەمی کۆمپیوتەر هەمیشە لەسەر هارد و C دادەندرێ.

# پرۆگرامێکی تایبەت بە نیگارکێشان

لە دونیای کۆمپیوتەردا سەدان پرۆگرامی تایبەت بە وێنە و دەستکاری کردنی وێنە هەیە، بەڵام ئەو پرۆگرامانەی کە تایبەتن بە وێنە و نیگارکێشان کەمن، هۆکارەکەشی ئەوەیە هەموو کەس هونەرمەند نییە و خۆی بە کاری وێنە کێشانەوە خەریك بکات، بەڵام بۆ کاری گرافیك و دەستکاری کردنی وێنە ئەوانەی کاری هونەریش ناکەن پێویستیان پێیان دەبێت.

پرۆگرامی Speedy Painter تایبەتە بە نیگار کێشان، شوێنی کەم دەگرێت لە کۆمپیوتەردا بەڵام کارایی زۆرە. بۆ ئەوانەی کاری هونەری دەکەن زۆر گرنگە. ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆشی نەبێت بەهۆی تواناکانی پرۆگرامەکە دەتوانێت وێنەی جوان بکێشێتەوە. بە ویستی خۆت سایزی تابلۆکان گەورە و بچووك دەکەی. دەکرێت نیگاری هونەرمەندانی مەزنیش لەبەر بگریەوە و جارێکی دیکە بیان کێشیەوە. جگە لەوەش دەکرێت دەستکاری تابلۆکانیش بکەی و دیمەنی دیکەیان پێوە زیاد بکەی یان لێیان کەم بکەیەوە، تابلۆکان بە گشت فۆرماتێك خەزن دەکرێن. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە و هەموو پێداویستییەکی وێنەکێشانی تێدایە..



# کاتژمێری ک



لە جیهانی تەکنەلۆژیادا سنوورێك لە نێوان خەیاڵ و راستیدا نییە، ئەو ئامرازانەی کە دوێنێ وەك خەیاڵ دەهاتنە بەرچاو، ئەمرۆ لە واقیعدا بوونیان هەیە. سبەی ئەگەر کاتژمێرێکت بینی، هەموو ئەرکەکانی کۆمپیوتەر ئەنجام بدات،




# هەم جوانی و هەم کارایی لەم هاردەدا

لەگەڵ توانا و کارایی دیزاین و ستایلی سەرنجراکێشیش لە ئامێرە تەکنەلۆژییەکاندا گرنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە لەم هاردە دەرەکییەکی کە دەیبینن، تیشك و رووناکییەکە وای کردووە سەرنجت رابکێشێ.

هاردی جۆری T-Force Delta RGB ستایلەکەی بەسەر کارابییەکەیدا زاڵە. گلۆپەکان زیاتر لە ١٦ ملیۆن رەنگ دەبەخشنەوە. خێرایی لەم هارددانەدا ٥٦٠ میگابایت لە چرکەدایە. بارستایی هاردەکە ٩,٥ ملمە. قەوارەی داکردنی داتاکان سێ جۆری هەیە ٢٥٠ گیگا، ٥٠٠ گیکا و یەك ترابایت.



## سایتێک بۆ کردنەوەی فایلە زیپ کراوەکان

کاتێك چەندین بابەت، چەندین وێنە، یان پرۆگرامێك بۆ یەکێك بەرێ دەکەی پێویست ناکات وێنە، وێنە یان بابەت بابەت بەرێیان بکەی، دەکرێت گشت ئەوانە لە فۆڵدەرێکی زیپ کراودا کۆبکرێنەوە، zip کردن بە پرۆگرامی تایبەت دەکرێ و هەر بەو پرۆگرامەش دەکرێنەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هیچ پرۆگرامێکی zip نەبوو دەکرێت لە سایتی http://funzip.net/ سوود وەربگری، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا سایتەکە بکە و لە بۆکسی Drop files here or click to upload. کلیك بکە و فۆڵدەرەکەی خۆت دیاری بکە. بە ئاسانی زیپەکە دەکرێتەوە.




# ئامێرێکی هەمەکارەی بەسوود

ئامێری هەمە کارە یان جۆکەر بەو ئامێرانە دەگوترێت کە لە یەك کاتدا چەندین ئەرك پێکەوە ئەنجام دەدەن، ئامێری UNITEK Y-1092 یەکێکە لەو ئامێرانە. دەکرێت وەك ناوەندی سەرەکی راگواستنی داتاکان سوودی لێوەربگیردرێت و هەر جۆرە میمۆرییەك و فلاش یان هاردێکی پورتێبڵی لەو پەیوەند بدرێت. لەگەڵ گشت جۆرە فلاش میمۆری یان هارددیسکێك دەگونجێت. خێرایی راگواستنی داتاکان لەو ناوەندەدا زۆر گونجاوە، دوو شوێنی USB3 هەیە کە بە خێرایی ٥ گیگابایت لە چرکەیەکدا زانیارییەکان رادەگوازن.

## ـــــــۆمپیوتەری

لات سەیر نەبێت!

کاتژمێری کۆمپیوتەر ناوی ئامێری WristPCە، کە تەنیا چەند نموونەیەکی لێ بەرهەمهاتووە و رەنگە لەداهاتوودا گشتگیر بێت.

کۆمپیوتەرەکە لەدەست دەکرێت. لە هەر شوێنێك مەبەستت بێت، هێڵی ئینتەرنێت دەکەیەوە و سەر لە سایتەکان دەدەی، ئەرکی رۆژانەی کە پەیوەندار بێت بە کۆمپیوتەر پێی ئەنجام دەدەی. شاشەی Wrist-PC تەنیا 3.5ە، کیبۆردەکەشی هەمان دەستبەندی کاتژمێرەکەیە، دەکرێت هەم لەدەستدا کاری پێبکەی و هەم لەدەست بیهێنیە دەر وەك کۆمپیوتەر کاری پێبکەی. سەرەڕای ئەوەش مۆبایلە و دەکرێ لە دەستبەندەکە جیای بکەیەوە و پەیوەندییەکانی پێ وەڵام بدەیەوە. و سیستەمی GPSی هەیە.